






# فوتساڵی ئافرەتانی هەولێر چاوی لە نازناوەکانە

تیپی فوتساڵی ئافرەتانی هەولێر یەکێکە لەو تیپانەی کە ماوەیەکی زۆرە دەستی بە ئامادەکاری بەردەوام کردووە بە ئامانجی بەدەستهێنانی هەردوو نازناوی خولی فوتسالی نایابی عێراقی و خولی فوتساڵی نایابی یانەکانی کوردستان، کە بڕیارە لە کۆتایی ئەم مانگە و مانگی هەشتی داهاتوو یارییەکانی بەڕێوەبچێت، لەئێستاشدا رۆژانە کچانی ئافرەتانی هەولێر دەستیان بە مەشقی چڕ کردووە بۆ ئەوەی بتوانن پارێزگاری لە نازناوی خولی نایابی عێراقی بکەن، کە وەرزی ڕابردوو نازناوەکەیان بەدەستهێناوە، لە خولی کوردستانیش چاویان لە ئەنجامی گەورەیە و ڕۆژانەش دەستەی ڕاهێنەرانی تیپی فوتساڵی یانەکە بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە یاریزانانی شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان مەشقەکانیان درێژە پێدەدەن و سەرەڕای ئەوەی تیپەکە بە بارودۆخێکی خراپی داراییەوە تێپەڕ دەبێت و هیچ کەسێکیش هاوکاری تیپەکەی نەکردووە، بەڵام یاریزانانی ئەو تیپە ئامانجی هەموویان دەستکەوتی گەورەیە لە هەردوو خولەکە، ئێمەش لە نزیکەوە ئەم ڕاپۆرتەمان ئامادەکرد.

ڕاپۆرتی: کارزان کانەبی

**مەزن محەمەد ڕاهێنەری تیپی فوتساڵی یانەی ئافرەتانی هەولێر لە بارەی ئامادەکارییەکانیان بۆ گۆڤاری گوڵان وتی:** «ئێمە ئامادەکارییەکانمان بەردەوام بووە و لە شاری بەغداش پێوەندیمان پێوەکراوە کە ٢٥ی ئەم مانگە یارییەکانی خولی تۆپی پێی کچانی یانەکانی عێراق دەست پێدەکات بۆ ١١ یاریزانی، بۆ ئەم مەبەستە کەمپێکی یەك هەفتەییمان لە شاری هەولێر دەستپێکردووە، لە هەمان کاتیشدا لە مانگی هەشتی داهاتوو خولی فوتساڵی یانەکانی کوردستان دەستپێدەکات، بۆ ئەوەی یاریزانەکانمان بتوانن بە باشترین شێوە ئامادە بکەین»، وتیشی: «ئێمە ڕۆژانە مەشق دەکەین، بەڵام سەرجەم یاریزانانی ئێمە ئامادە نابن بەهۆی ئەوەی کە ئێستا ژمارەیەك لە یاریزانانی تیپەکەمان قوتابی زانکۆن و سەرقاڵی تاقیکردنەوەکانن، ئەوەش دەبێتە گرفتێك، هەندێك لە یاریزانانیش فەرمانبەرن و ناتوانن بەیانیان بێن، تەنیا لە یەکە مەشقییەکانی ئێواران ئامادە دەبن».

مەزن محەمەد لە بارەی شەڕی بەدەست هێنانی نازناوەکە وتی: «ئێمە پارساڵ پاڵەوانی خولی عێراق بووین و نوێنەری عێراقین لە ئاسیا، ئێستاش ئەرکمان قورسە، بۆیە دەبێت بەهەر جۆرێك بێت پارێزگاری لە ئەنجامی وەرزی ڕابردوومان بکەین، جامەکەش بۆ کوردستان بهێنینەوە و لە کوردستانیش دەتوانین ئەنجامی شایستە بەدەستبهێنین». لە بارەی گرفتەکانیشیان وتی: «کێشەکانمان یەکجار زۆرە، ئێستا ئێمە ڕۆژانە مەشقمان هەیە، پارەی بەنزینی هاتوچۆی یاریزانانمان نییە و من وەکو ڕاهێنەر و سەرۆکی یانەکەش لەسەر گیرفانی خۆمان و بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆمان یاریزانان کۆدەکەینەوە، یاریزانمان هەیە لە دەرەوەی هەولێرە کە لە یانەکەمانە پێوەندی پێوە کردووم دەڵێ مامۆستا پارەی تەکسیم نییە، چۆن مەشق ئەنجام بدەم؟ ئێمەش ئەوەمان پێی وتووە کە مەشق نەکات بەهۆی ئەو بێ پارەییە، یاریزانانی شارەکانی تری کوردستانیش تەنیا پارەی هاتوچۆمان بۆ دابین کردوون، ئەگەر نا لە بارەگای یانەکە دەمێننەوە هیچی تریان نییە، ئەوەش گرفتە.

**دنیا سەدرەدین گۆڵچی یانەی ئافرەتانی هەولێر وتی:** «لە ئێستادا ئێمە ئامادەکارییەکانمان دەست پێکردووە بۆ بەشداریکردن لە هەردوو خولی عێراق و کوردستان، ڕۆژانە مەشقی چڕ ئەنجام دەدەین بە ئامانجی دەستەبەرکردنی ئەنجامی شایستە، بەڵام ئێمە کێشەی سەرەکیمان نەبوونی توانای دارایی باشە، چونکە بۆ وەرزشی ئەمڕۆ پارە زۆر پێویستە، جگە لەوەش یاریگای تایبەتمان بە خۆمان نییە، ئەوەش کێشە بۆ مەشقەکانمان دروست دەکات. ئێمە بە ڕۆژ لە هۆڵی داخراوی یانەی هەولێر و بە ئێوارانیش لە ناو قوتابخانەکان مەشق دەکەین. بۆ ئێمە ئەوە زەحمەتە، بۆیە دواکارین لە لایەنی بەرپرس هاوکاریمان بکەن و زیاتر گرنگی بە وەرزشی کچان بدەن.

**زینە جەمیل کاپتنی یانەکەیە و ئەویش باسی ئەوەی کرد** کە ئامادەکارییەکانیان گرفتی هەیە و یاریزانەکانیان گرفتی هات و چۆیان هەیە و لە مەشقەکانیش بە تەواوی ئامادە نابن، بەتایبەتی ئەوانەی دەرەوەی هەولێر و بەشێك لە یاریزانانی ناو هەولێریش، وتیشی: «یانەکەمان لە بارودۆخێکی خراپی داراییە و ناتوانین کرێی هاتوچۆ بۆ یاریزانان دابین بکەین و ئێمەش نیگەرانین لەم بارودۆخە، جگە لەوەش سەرۆکی یانەکەمان و ڕاهێنەری یانە ئۆتۆمبێلەکانی خۆیان بۆ یاریزانان دابین کردووە، بۆ ئەوەی مەشقەکانمان بەردەوام بێت، ئەوەش بۆ ئێمە زەحمەتە کە سەرجەم یاریزانان لە یەکەی ڕاهێنان ئامادە نەبن، زۆرجاریش من لە دهۆکەوە دێم و یاریزانانی ترمان هەیە لە سلێمانییەوە دێت و یاریزانمان هەیە لە دەرەوەی شاری هەولێرە بە تەکسی دێتە مەشقەکان و هەموومان لەسەر حیسابی خۆمانە، ئەوەش تەنیا بۆ خۆشەویستی وەرزشە، دەنا فشاری داراییمان دەخاتەسەر. وەرزش لێرە لەسەر پشتی کیسەڵ بەڕێوە دەچێت. ئێمە پاڵەوانی عێراق بووین، کەچی کەس هاوکاریمان ناکات، ئەوە چۆن دەبێت؟»

**بەڵام بینایی عوسمان یاریزانی تیپی فوتساڵی ئافرەتانی هەولێر رایوایە ئامادەکارییەکانیان باشە و لەوبارەیەوە وتی:** «ڕۆژانە دوو یەکەی مەشقی ئەنجام دەدەین، ئامانجمان بەدەست هێنانی ئەنجامی شایستەیە لە خولی فوتساڵی عێراقی و کوردستان، سەرەڕای ئەو قەیرانە داراییە ئەم هیوایە لای یاریزانانی یانەکەمان هەیە کە دەتوانن ئەنجامی شایستە بۆ یانەی ئافرەتانی هەولێر بەدەست بهێنین، حەزیش دەکەین لە مەشقەکان سەرجەم یاریزانانی خۆمان ئامادە بن، بەڵام قەیرانی دارایی ڕێگرە لەوەی کە بتوانین ئاست و ئەنجامی باشتر پێشکەش بکەین. بەهیوای ئەوەین لایەنی بەرپرس ئاوڕێك لە وەرزشی کچان بدەنەوە و هاوکاریی ئێمەش بکەن کە پاڵەوانی عێراقین، بۆ ئەوەی ئەمساڵیش نازناوەکە بهێننەوە پایتەختی کوردستان، یاریگەی باشترمان بۆ دروست بکەن و دەتوانین بە هیمەتی هەموو لایەك و بە ماندبوونی یاریزانەکان ئەنجامی باشتر بۆ وەرزشی کوردستان دەستەبەر بکەین.»

# خولە گەورەکانی ئەوروپا کۆتـــــایی هات

## پاڵەوانەکان . ریزبەندی یانەکان و گۆڵکەران . یانە دابەزیوەکان

هەفتەی رابردوو ســـەرجەم خولە گەورەکانـــی ئەوروپا ( ئینگلتەرا – ئیســـپانیا – ئیتاڵیا – ئەڵمانیا – فەرەنسا ) بۆ وەرزی ٢٠١٤-٢٠١٥ کۆتایی هات و پاڵەوانەکان ناسران. پلیتە بەنرخەکانی چامپیۆنزلیگ ئاشـــکرا بوون: گۆڵکەران بەدیار کەوتن، یانە بەدبەختەکان کە دابەزین بۆ خولە نزمەکان چارەنووســـی خۆیان زانی، لەم راپۆرتـــە ئاورێك لەو خولانە دەدەینەوە:

*** خولی ئینگلتەرا پریمەر لیگ**

یانەی چێلسی لە دوای ئاســـتێکی بەرز توانی نازناوەکە بباتەوە

١- چێلسی ٨٧ خاڵ
٢- مانچستەر سیتی ٧٩ خاڵ
٣- ئەرسنال ٧٥ خاڵ
٤- مانچستەر یونایتد ٧٠ خاڵ
٥- تۆتنهام ٦٤ خاڵ

یانەکانی چێلســـی و مانچســـتەر ســـیتی و ئەرسنال بە شـــێوەیەکی راستەوخۆ بەشـــداری لە قۆناغی گرووپەکانی چامپیۆنزلیگ دەکەن و یانەی مانچستەر یونایتد بەشداری لە یارییەکانی پاڵاوتنی چامپیۆنزلیگ دەکات.

یانەکانـــی بێرنلـــی و کوینز پارك رینجەرز و هال ســـیتی دابەزینە خولی یانە پلە یەکەکانی ئینگلتەرا .

ریزبەندی گۆڵکەران :

١- سێرجیۆ ئەگوێرۆ مانچستەر سیتی ٢٦ گۆڵ
٢- هاری کین تۆتنهام ٢١ گۆڵ
٣- دییگۆ کۆستا چێلسی ٢٠ گۆڵ

*** خولی ئیسپانیا لالیگا**

لـــەدوای ململانێی مێژووی نێوان هـــەردوو زەبەلاحەکەی ئیسپانیا، یانەی بەرشلۆنە بووە پاڵەوانی لالیگا

١- بەرشلۆنە ٩٤ خاڵ
٢- ریال مەدرید ٩٢ خاڵ
٣- ئەتلەتیکۆ مەدرید ٧٨ خاڵ
٤- ڤالانسیا ٧٧ خاڵ
٥- سیڤیلیا ٧٦ خاڵ

یانەکانی بەرشـــلۆنە و ریال مەدریـــد و ئەتلەتیکۆ مەدرید بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەشـــداری لە قۆناغی گرووپەکانی چامپیۆنزلیگ دەکەن و یانەی ڤالانسیا بەشداری لەیارییەکانی پاڵاوتنی چامپیۆنزلیگ دەکات، هەروەها یانەی ســـیڤیلیا وەك پاڵەوانی یۆروپالیگ بەشداری چامپیۆنزلیگ دەکات

یانەکانی ئەلمێریـــا و کۆردوبا و ئیبار دابەزینە خولی یانە پلە دووی ئیسپانیا .

ریزبەندی گۆڵکەران :

١- کریستیانۆ رۆنالدۆ ریال مەدرید ٤٨ گۆڵ
٢- لیۆنێل میسی بەرشلۆنە ٤٣ گۆڵ
٣- ئەنتوان گریزمان ئەتلەتیکۆ مەدرید ٢٢ گۆڵ
٤- نیمار داسیلڤا بەرشلۆنە ٢٢ گۆڵ

*** خولی ئیتاڵیا سیرای ئا**

بۆ جارێکـــی دیکە و بەبێ رکابەر یانـــەی یۆڤانتس بووە پاڵەوانی خولی ئیتاڵیا

١- یۆڤانتس ٨٧ خاڵ
٢- رۆما ٧٠ خاڵ
٣- لازیۆ ٦٩ خاڵ
٤- ڤیۆرەنتینا ٦٤ خاڵ



٥- ناپۆلی ٦٣ خاڵ

یانەکانی یۆڤانتس و رۆما بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەشداری لە قۆناغی گرووپەکانی چامپیۆنزلیگ دەکەن و یانەی لازیۆ بەشداری لەیارییەکانی پاڵاوتنی چامپیۆنزلیگ دەکات .

یانەکانی کالیاری و چیزینا و پارما دابەزینە خولی یانە پلە دووی ئیتاڵیا .

ریزبەندی گۆڵکەران :

١- ماورۆ ئیکاردی ئینتەرمیلان ٢٢ گۆڵ
٢- لۆکا تۆنی هیلاس ڤیرۆنا ٢٢ گۆڵ
٣- کارلۆس تیڤێز یۆڤانتس ٢٠ گۆڵ

*** خولی ئەڵمانیا بۆندس لیگا**

یانەی بایەرن میونشن هەرزوو نازناوی ئەم وەرزەشی مسۆگەرکرد

١- بایەرن میونشن ٧٩ خاڵ
٢- ڤۆلفسبۆرگ ٦٩ خاڵ
٣- بروسیا مونشن گلادباخ ٦٦ خاڵ
٤- بایەرلیڤەرکوزن ٦١ خاڵ
٥- ئۆگسبۆرگ ٤٩ خاڵ

یانەکانی بایەرن میونشن و ڤۆلفسبۆرگ و بروسیا مونشن گلادباخ بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەشداری لە قۆناغی گرووپەکانی چامپیۆنزلیگ دەکەن و یانەی بایەرلیڤەرکوزن بەشداری لەیارییەکانی پاڵاوتنی چامپیۆنزلیگ دەکات .

یانەکانی فرایبۆرگ و پادەربۆرن دابەزینە خولی یانە پلە دووی ئەڵمانیا .

ریزبەندی گۆڵکەران :

١- ئەلکساندەر مایەر ئینتراخت فرانکفۆرت ١٩ گۆڵ
٢- ئاریان روبن بایەرن میونشن ١٧ گۆڵ
٣- رۆبەرت لیڤاندۆڤسکی چێلسی ١٧ گۆڵ

*** خولی فەرەنسا لیگا ئا**

یانەی پاریس سان جێرمان لەدوا هەفتەکاندا نازناوەکەی مسۆگەر کرد

١- پاریس سان جێرمان ٨٣ خاڵ
٢- لیۆن ٧٥ خاڵ
٣- مۆناکۆ ٧١ خاڵ
٤- مارسیلیا ٦٩ خاڵ
٥- سانت ئیتیان ٦٩ خاڵ

یانەکانی پاریس سان جێرمان ولیۆن بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەشداری لە قۆناغی گرووپەکانی چامپیۆنزلیگ دەکەن ویانەی مۆناکۆ بەشداری لە یارییەکانی پاڵاوتنی چامپیۆنزلیگ دەکات .

یانەکانی ئیڤیان و میتز و لانس دابەزینە خولی یانە پلە دووەکانی فەرەنسا .

ریزبەندی گۆڵکەران :

١- ئەلکساندەر لاکازێتی لیۆن ٢٨ گۆڵ
٢- ئەندرێ جینیاك مارسیلیا ٢١ گۆڵ
٣- زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ پاریس سان جێرمان ١٩ گۆڵ






# بۆ یەکەمجار لە کوردستان
# پاڵەوانێتیی فڕۆکەوانی بەڕێوەچوو

بە مەبەستی زیاتر گرنگیدان بە یاریی فڕۆکەوانی (پەڕگلایدەر) لە سەر ئاستی کوردستان و عێراق و بە سەرپەرشتیی دەستەی گشتی گەشتوگوزاری کۆیە و یەکێتی فڕۆکەوانی پەڕگلایدەری عێراقی لە چیای هەیبەت سوڵتان لە قەزای کۆیەی سەر بە پارێزگای هەولێر بۆ ماوەی سێ ڕۆژ و بە بەشداری هەر یەك لە تیپەکانی (هەولێری ئاسمانی، فرناسی ئاسمانی، سلێمانی ئاسمانی، چیای ئاسمانی، ڕێکخراوی هەڵۆکانی ئاسمانی شاری سلێمانی) پاڵەوانێتییەکە بەڕێوەچوو، ئەم پاڵەوانیتیەش بۆ یەکەم جارە لە هەرێمی کوردستان بەڕێوە بچێت، چونکە یارییە تازە پەیدا بووە و بە هۆی جوگرافیای هەرێمی کوردستان و بوونی شاخی بەرز و دڵڕفێن، یەکێتیی ناوەندی ئاسمانی عێراقی ئەم پاڵەوانێتییەی بە هاوکاری گەشتوگوزاری قەزای کۆیە لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدا، بڕیاری ئەوەشیان داوە لە مانگی ٩ی ئەمساڵ پاڵەوانێتییەکی فەرمی بۆ یانەکانی سەر ئاستی عێراق هەر لە شاری کۆیە ئەنجام بدەن بۆ زیاتر گەشەکردنی ئەم یارییە، هەر چەندە بڕیار بوو شەش یانە بەشداربێت، بەڵام بەهۆی کشانەوەی تیپی ئاسمانی موسڵ تەنیا پێنج تیپ بەشداربوون و لە هەر تیپێکیش دوو یاریزان دەستنیشان کران بۆ ریزی هەڵبژاردەی ئاسمانی عێراقی، بڕیاریشە لە داهاتوودا گرنگیی زیاتر بەم یارییە بدرێت و بەرنامەی باشتری بۆ دابنرێ و لە کۆی سەرجەم یاریزانانی بەشداربووش ١٢ یاریزان بوونە یاریزانی ریزی هەڵبژاردەی عێراق، ئەنجامی کۆتاییش بەمشێوەیە بوو.

١-یانەی ئاسمانی هەولێر
٢-یانەی ئاسمانی سلێمانی
٣-یانەی فرناسی ئاسمانی
٤-یانەی چیای ئاسمانی دهۆك
٥-ڕێکخراوی هەڵۆکانی ئاسمانی سلێمانی

# کێ دەبێتە فریادەڕەسی یانەی خانزاد؟

لەگەڵ ئەوەی یانەی خانزاد تاکە یانەی یاریی شەترەنجە لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر کە گرنگی بە یارییەکانی شەترەنج دەدات و هەوادارێکی زۆریشی لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە، ڕۆژانەش یاریزانان بە شێوەیەکی بەرچاو پێوەندی بە یانەکەوە دەکەن بۆ یاریکردن، لە ئێستادا یانەی خانزاد داوەتباران کراوە بۆ ئەوەی لە چەندین وڵاتانی جیهانی بەشداری پاڵەوانێتییەکان بکەن، بەڵام لە چەند مانگی ڕابردوودا بەهۆی نەبوونی بودجەی پێویست دەستەی کارگێڕیی یانەکە بە شێوەیەکی زۆر جیاواز لە یانەکانی دیکە پشتی بە سپۆنسەر و کەرتی گەشتیاری بەستبوو، هەروەها بە هۆی ئەم قەیرانە داراییەی کە بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە، ڕەنگە ئەوانیش پشت لە یانەکە بکەن، یانەی خانزادیش بەدوای فریادەڕەسێك دەگەڕێت بۆ ئەوەی لەم قەیرانە ڕزگاریان بکات. هەر لەو بارەیەوە دڵزار حەمەساڵح سەرۆکی یانەی وەرزشی شەترەنجی خانزاد تایبەت بۆ گۆڤاری گوڵان وتی: «بەداخەوە زۆر زەحمەتە ئێمە بتوانین ئەمساڵ بەشداری لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە بکەین، هەرچەندە ئەم ماوەیەك دەعوەتنامەی زۆرمان بۆ هاتووە لە وڵاتان بۆ ئەوەی بەشداری پاڵەوانێتییەکان بکەین، هەموو مانگێك یەك تا دوو دەعوەتنامەمان بۆ دێت، لە مانگی داهاتوو لە پاڵەوانێتیی گۆڵدن ساند لە وڵاتی بولگاریا دەعوەتنامەمان بۆ هاتووە، لە مانگی تەمموز لە هەردوو وڵاتی ئەرمینیا و رووسیا و لەسەر ئاستی تاك دەعوەتنامەمان بۆ هاتووە، لەسەر ئاستی تیپ لە مانگی هەشت دەعوەتنامەمان بۆ هاتووە لە وڵاتی ئەردەن لە پاڵەوانێتیی یانەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە مانگی ١٠ لە وڵاتی مەغرب لە پاڵەوانێتیی یانە پاڵەوانەکان لە وڵاتی هەنگاریا بۆ پاڵەوانێتیی فێرست ساتردەی و خولی ناوبژیوانانی لەگەڵە، لە مانگی هەشت بۆ ئاستی تاك ڕۆژئاوای ئاسیا لە وڵاتی ئوردن بەشدار دەبین، چونکە ماندوو بوونی زۆرمان بینیوە و ئەنجامیمان هەبووە بە مافی خۆمانی دەزانین کە پار لە هەردوو خولی ناياب و جام دووەم بووین هەردوو پاڵەوانێتییەکە لەسەر ئاستی تیپە بۆ ئەم پاڵەوانێتییەش پشت بە حکومەت، یان بە سپۆنسەر دەبەستین، یان نابێ بچین». لە بارەی هاوکاریکردنی کەرتی تایبەت و حکومەتیش وتی: «سپۆنسەرەکان دیاریکراون و زۆر نەبوون، چەند چالاکییەك بوون، کۆمپانیاکان خەڵاتی کورانیان دابین کردووە، بۆ پاڵەوانێتیی ڕۆژئاوای ئاسیاش حکومەت بەڵێنی هاوکاریکردنی داوە، بەڵام ئەوەش دیار نییە، چونکە بارودۆخ باش نییە، مووچە نییە، چۆن بودجە و سلفە دابین دەکرێ؟ ئێمە ماوەی پێنج مانگە لە ساڵی نوێ یەك فلسمان وەرنەگرتووە، لە پاڵەوانێتییە تاکییەکان یاریزانان لەسەر گیرفانی خۆیان بەشداربوون، هەرچەندە دەبوایە یانە پارەی بۆ ئەو یاریزانانە دابین بکردایە. ئێستاش دەبێت ئێمە هەوڵێك بدۆزینەوە بۆ ئەوەی ئەم پاڵەوانێتییانەمان لەکیس نەچێت و سەرچاوەیەك بۆ هاوکاری بدۆزینەوە، بۆ ئەمساڵیش تەنیا کۆمپانیاکان سپۆنسەر بوون». لە بارەی بودجەی یانەکەشیان دڵزار وتی: « ئێمەلە ساڵی ڕابردوو بۆ هەر مانگێگ ٣ملیۆن دینارمان وەرگرتووە و هیچ زیاتر تێنەپەڕیوە لەم برە پارەیە، ئەو پارەیەش بۆ کارەکانی یانە و پاڵەوانێتییەکان و ناوبژیوانان و ڕاهێنەر و مووچەی یاریزانانە، کەچی ئێمە بۆ مانگانە زۆر زیاتر لەم پارەیە بۆ مووچە دابین دەکەین و پێویستە زۆر لەوە زیاتر بێت.



# یەکێتیی تۆپی دەستی کوردستان چاوەڕێی پارەیە بۆ دەست پێکردن بە پاڵەوانێتییەکان

لەگەڵ ئەوەی ماوەی زیاتر لە پێنج مانگە هیچ پاڵەوانێتییەك لەلایەن یەکێتیی ناوەندیی تۆپی دەستی کوردستان ئەنجام نەدراوە، ئەوەش یاریزانانی تیپ و یانەکانی نیگەران کردووە لە ئەنجامنەدانی پاڵەوانێتی بە هۆی ئەو بارودۆخە داراییەی کە رووی لە هەرێمی کوردستان کردووە، جگە لەوەش حکومەتی هەرێم لە رێگەی وەزارەتی داراییەوە بڕیاری بڕینی مینحەی سەرجەم یانەکانی داوە، بۆیە لە ئێستادا یەکێتی تۆپی دەستی کوردستان لە چاوەڕوانی ئەوەن کە بڕە پارەکەیان بگەڕێتەوە لەلایەن حکومەت و لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان بۆ ئەوەی دەست بە ئەنجامدانی چالاکییەکان بکەنەوە.



لەبارەی ئەنجامنەدانی چالاکییەکانیش سەرکەوت موحسین سکرتێری یەکێتیی ناوەندیی تۆپی پێی کوردستان بۆ گۆڤاری گوڵان وتی: «لە ئێستادا ئێمە ئامادەکاریمان تێدایە بۆ ئەوەی پاڵەوانێتیی تۆپی دەستی یانەکانی کوردستان بەڕێوەببەین، بەڵام کە پارە نەبێت، ناتوانین هیچ کارێك ئەنجام بدەین، بۆیە لە ئێستادا ئێمە لە چاوەڕوانی ئەوەین بڕە پارەیەکمان لە لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان پێ بدرێت کە ئێستا بودجەی ئەوانیش بە تەواوی براوە، لیژنەی ئۆلۆمپیش لە هەوڵی ئەوەیە پارەکە بگەڕێنێتەوە، بۆیە هەر کات پارە گەیشت، ئێمەش دەست بە کردنەوەی خول و ئەنجامدانی پاڵەوانێتییەکان دەکەین، ئەمساڵیش بەهۆی ئەم قەیرانە داراییە تاکو ئێستا نەمانتوانیوە یەك پاڵەوانێتیش ئەنجام بدەین.» لە بارەی سەفەرکردنی تیپی تۆپی دەستی ئافرەتانی هەولێریش سەرکەوت وتی: «ڕاستە ئێمە پێشووتریش تیپێکی کچانمان بردە وڵاتی کوێت لەسەر مەسرووفاتی یەکێتیی تۆپی دەستی کوێت بوو، سوپاسی سەرۆکی یەکێتیی تۆپی دەستی کوردستانیش دەکەین کە هاوکارییەکی باشی ئەم تیپەی کرد، جگە لەوە هیچی ترمان نەبووە کە ئەمساڵ بەشدار بین، بۆ پێنج مانگیش دەچێت تیپەکان پاڵەوانێتییان نەبووە، ئەوەش ماوەیەکی زۆرە.»